# خەزرەجی وڤیتۆی ئەمریکی. . !

**نورەدین سەعید وەیسی**

**دانانی مۆڵەتی چل وهەشت دەمژمێر لەلایەن سەرۆکی ئەمریکاوە بۆ سەدامی دیکتاتۆروکورەکانی تا عیراق جیٚبهیٚلن، ئەگەرچی لەلایەك موژدەی ئەوەی پێیەکە دیکتاتۆرە خوێنمژەکەی بەغدا تەنها چەند کاتژمێرێك لەحوکمەکەی ماوەوئیدی بەچارەنووسی ڕەشی خۆی دەگات، بەڵام لەسەرێکی دیکەوە نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێ کەبەداخەوە ئەمریکا نەهێشتنی پتر لەسێ دەیەی بێوێنەترین دیکتاتۆریەتی لەمێژوودا بەنەمانی تاکە کەسێك کورت کردۆتەوە، ئەمەش ئەوگومانەمان لادروست دەکات کە حکومەتی ئەمریکا تەنها بەنیازی گۆڕانکارییەکی رووکەشانەیە لەرژێمی عیراقدا، نزیکترین ئاماژەش ڕفاندنی نزارخەزرەجی تاوانبارەلەلایەن ئەمریکاوە ( (هەرچەندە لەلایەن دانیمارکەوە بڕیاری دەست بەسەریشی بۆدەرچووە ) ) بەبیانووی بەشداریکردن لە پەلاماردانی رژێمی سەدامدا، دەنگۆی ئەوەش هەیەلەدەسەڵاتی داهاتووی عیراقیشدا پۆست وبەرپرسیاریەتێیەکی گرنگی پێ بسپێردرێت، ئەمەش نەخشەو پلانەکانی ئەمریکا بۆگۆڕانکاری لەعیراقدا دەخاتە ژێر دەیان پرسیارەوە، چونکە چ ئاسۆیەکی گەش لەبەردەم هاتنەدی ئەودیموکراسیەتە لەئارادایە کەواشنتۆن بانگەشەی بۆدەکا لەعیراقدا، لەکاتێکدا تاوانبارێکی گەورەی وەك خەزرەجی لەدادگایی کردن رزگار دەکا و دەست دەخاتە نێو دەستە خوێناوییەکانی، چ ئومێدێکمان بەودیموکراسییە بێت کە لەسەر دەستی خەزرەجی وهەڤاڵە بەعسییەکانی لەبەناو ئۆپۆزیسیۆنی عیراقی بەڕێوەیە. . ؟!**

**هەرچی پەیوەندی بە پرسی کوردیشەوە هەیە، هەرلەئێستاوە ئەمریکا بۆ دڵنەواییکردنی تورکیای بێ ئەخلاق، ڤیتۆی لەبەرامبەر گەڕانەوەی کەرکوك بۆ باوەشی دەسەڵاتیکوردستان بەرزکردۆتەوەو هیچ گرنتیەکیش نییە لەدوای گۆڕبەگۆڕچوونی سەدامدا هەڵوێستی ئەمریکا لەسەر ئەم مەسەلەیە بگۆڕێت. .**

**لەسەرینی هەموو ئەو دەرکەوتانەدا بڵێی عیراقییەکان وخەڵکی کوردستان سەرەڕای تاوانە بێوێنەکانی سەدامی لەعنەتی، ناچارنەبن بڵێن هەزار رەحمەت لەکفن دز. . ؟!**

**18/3/2003**
**nuradinwaisi@hotmail.com**

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣**